چیرۆک

کەریم کاکە

# هەڵەی هەناری

تۆ هەڵەی



هـەنـار هـەڵەی کـــــردبێت بەهـەمــــوو دەنکەکـــانـیـــیـــەوە، بـەهـەمـــوو تنۆکـــە ئاوەکـانـیـیـەوە من هـیـچ جـێگەیەکم هـەڵەی نەکـردووە، سـیـمـای تۆ سـیـمـایەک نـیـیـە هەڵەی تێدا بکرێت، چاوی من چاوێک نـیـیـە هـەڵەی تـێــدا روو بـدات، نـا، تۆ بـەهـەڵە لـە چاومدا هـەڵنایەیت، ڕۆژ لە کاتی خۆی و بێ هـەڵە هـەڵدێ، تـۆش لـە کـــاتـی خـــۆت و لـە جێژوانێ هەڵهاتی، بێ هەڵە دەڵێی تـیشکی لە خــواوە بـۆ پەیامـبــەر هـاتـوو، هـاتـوویـتـە ژووان! ئەوە تۆ نـیت لە سـێـبـەری درەخـتـی هـەناری یاد و بەو دەمەو عەسرە هـەنارییە و بـەدوو مـــەمکی هـەناری و بەو دەم و لـێـــو هـەنـارییـەوە رژایـتـە چاومــەوە! نـا، دنـیـا هـەڵەی وا هـەڵناگـرێت، لە دنـیـایێ جگە لە خـۆت کـەس لە تۆ نـاکات، ئەوە هـەر قـسـەی من نییە هی دنیا و هی خۆشتە، نەتدەگوت، دەڵێن: لە چاو و برۆ کەمێکی کەم لە باوکت دەکـــەیت، لە گـــەردەن و لێـــویش هەندێک دەچـیـــیـــەوە ســـــەر دایکت، نـەتدەگــوت، کەسوکار دەڵێن: کـەس نییە لە کەسوکاری دایک و بـاوکت نــە لـە مـــــــــردووان نــە لـە زیـنــدووان تــۆ نــە بـەڕەنــگ نــە بــەدەنــگ نزیکایەتیت هـەبێت لەگەڵیان، نەتدەگوت: وا هەست دەکــەم هەندێک جـار دەکــەومــە گومانەوە..

منیش دەمگوت: هـەنـارەکــــەم کـــە لـە هـەنـارگـــرتن و هـەناری چـوویتـــەوە ســــەر هـەنار..

کچی سـەر بەتیرەی هەنار، کاتی گاڵتەی هـەناری نـیـیــە، بۆ ناڵێی گـاڵتـەی هـەناری چییە! کاتی هەڵگرتنەوەی ئەو هەموو دەنکە هەنارەم نییە کە بەگاڵتە شکاندت..

«تۆ هـەڵەی»

بەدانە رۆژێک دنیا چی بەســەر هاتووە! خــواوەندی هەڵە هــەر بۆ گــاڵتــە چ بەزوویی کـۆپـیـیـەکی تۆی بـۆ من هێنایە بن ئەو دار هـەنارە! واز لە گاڵتەی هـەناری بێنە، کاتی نـیــە، بەدوامــەوەیە، بەڵا بەدوامــەوەیە، تۆ نازانی بەو دانە رۆژە ئەو دنـیــا گــچکەیە ڕووداوی زۆر لە خـۆی گـەورەتری بەخـۆیەوە دیوە، ڕووداوی بـەڕاســتــی نەک گــاڵتـــەی هـەناری، هـەبێ و نەبێ تـۆش شــتــێکت لە ڕووداوەکە بیستووە، بۆیە دەتەوێ بەگاڵتەی هـەناری دنیا بخەیتە باری ئاسایی و باری پێش ڕووداوەوە، جـوانە ئەو گاڵتەیـە جوانە، بەڵام .. شـێـتم مــەکـە لە هـەمـوو هـەناران هـەنـارتر من بەگـــاڵتـــەش بـەڕســتـــەی "تۆ

هەڵەی" شێت دەبم و بەڕاستی راستی دەکەمەوە، ئای دەتەوێت بڕۆیت!

بەڕاستی من هەڵەم! باشە هەر بۆ گاڵتە چاوم هەڵەی کرد، تۆی نەناسییەوە کە ئەوە ئەستەمێکی خواوەندییە هەرچی ببێت ئەوە نابێت، شەیتان دەسەڵاتی لە خواوەند پتر بێت دەبێت بەڵام ئەوە نابێت، خۆزگە گاڵتەی هەناریت نەدەزانی و ئەو رۆژەش ئەو گاڵتەیەم لەگەڵت نەدەکرد، باشە لەبەر خاتری سەرەتای گاڵتەی هەناری چاوم بەهەڵەدا چوو، ئەدی چی بەگوێم بڵێم! بەچ زمانێک تێی بگەیەنم ئەو دەنگەی بە "تۆ هەڵەی"ەوەی گرتووە تۆ نیت، کچە هەنارییەکە نییە ئەوەی بەگاڵتەی هەنارییەوەی گرتووە، ئەوەی دەبوو بەو دەمەو عەسرە لەو بن دار هەنارە ببینم و وا بینیشم، بەڵام وا بەگاڵتەی هەناری دەیەوێ لە دارهەنارم بکات، هەنارێک حەوت وەرزە هەنارم لە چاوەڕێی هەنارگرتنی کردووەتەوە، هەنارێک دانە رۆژێک دەبێت نەمدیتووە، هەنارێک دەبێت بەهەواڵێکی ناخۆش لێوە هەنارییەکانی هەنارتر بکەمەوە، رەنگە بزانێت چ هەواڵێکی تاڵ تام دەکات بۆیە دەیەوێ بەگاڵتەی هەناری رێ لە تامکردنی تاڵی بگرێ، حەوت وەرزە هەنارە ئەو دەنگە وەک خۆیەتی و ناسک ناسک دێتە گوێم ناسکتر لە چواردە پایزی خۆت، پێش حەوت وەرزە هەنار هەر لەو شەقامە رەنگە هەر لە بن ئەو دار هەنارەش بووبێت، گوێم لە دەنگت بوو، لە ناو برادەرەکانم من تەنیا کەسێک بووم لە رێی گوێوە عاشق بووم، ئەوان چاویان بەگەڕخست، دەیانگوت:

«روخسار روخسار عەشق لە جوانیی روخسارەوە»

من چاوم داخست و گوێم هەڵخست دوای ئەوەی گوێم لە دەنگی تۆ بوو گوتم:

«دەنگ دەنگ عەشق لە جوانیی دەنگەوە»

هەنارییە بیستویەک وەرزە هەنارییەکە بەسە گاڵتەی هەناری، لە ئاسمانێش دەنگت لە ناو دەنگان دەناسمەوە، پەیامبەر چۆن دەنگی خواوەندی خۆی دەناسێتەوە من جوانتر روونتر دەنگی تۆ دەناسمەوە، رەنگە کەسێک هەر بەگاڵتەی هەناری بەسیمای تۆ خۆ نمایش بکات، بەڵام لاسایی دەنگت ئەستەمێکی شەیتانییە، شەیتان کە دەشێ لاسایی دەنگی

خواوەندیش بکاتەوە بەڵام لەوەی تۆ شکستی هێنا، درەنگمە کاتم نییە بۆ گێڕانەوەی شکستەکانی شەیتان، بەدوامەوەیە، ئەگەر هەڵەم بەدەنگێک بڵێ "تۆ هەڵەی" کە دەنگی خۆت نەبێت..

«تۆ هەڵەی»

خۆ ئەوە هەر دەنگی خۆتە، راوەستە مەڕۆ، خواوەندی هەڵە ئەو کچە هەنارییە بەهەڵە گاڵتەی هەناری دەکات، بیگێڕەوە با نەڕوات، بیگێڕەوە بەگوڵاوە چینییەکەوە وا دەڕوات، هەر ئەوڕۆ دەمەو بەیانی دامێ و هەر ئەودەم لە خۆیدا ئەوەتا ئێستاش هەر ئەو بۆنەی لێ دێ، گوڵاوێک چەرچییە چینییەکە تایبەت بۆ منی هێنا و گوتی:

ئەو گوڵاوە لەو گوڵاوەیە کە خواوەند پەیامبەرێک بۆ مرۆڤ دەنێرێ بەو گوڵاوە پرچ و ریشی گوڵاو پژێن دەکات..

ئەو کچە چەند جوان گاڵتەی هەناری دەکات، لە بیری چوو ئەگەر گاڵتە لەگەڵ بینین و بیستنیشم بکات ناتوانێ بۆنم بخاتە گاڵتەوە، خواوەند بیگێڕەوە، خۆ گوڵاوی خۆت دەناسییەوە، ئەوەی تایبەتە بەپەیامبەران و چەرچییە چینییەکە لێتی دزی و بەهەنارێکی ئەو دارهەنارە لەگەڵ منی گۆڕییەوە، منیش دانی سبەینێ کە هێشتا هیچ رووی نەدابوو، حەفت وەرزی هەناری بوو چۆن دەڕۆیشت هەر ئەوها، وەک دیارییەکی مەیلەو خواوەندی بەخشیمە کچە هەنارییەکە، ئەو کچەی وا بە بەرچاوی هەردووکمانەوە دەڕوات، من نەمتوانی بیگێڕمەوە و تۆش هیچت بۆم نەکرد، رەنگە بتەوێت تۆڵەی گوڵاوە دزراوەکەتم لێ بکەیتەوە، نا، خۆ من نە شمشێری دزراوی تۆ نە کتێبی دزراوی تۆم کڕیوەتەوە، گوڵاو گوڵاو مەگەر لە جێگەیەک تۆ نیت دەڵێیت:

«حەز دەکەم دنیا پڕ بکەم لە گوڵاو»

من لە رێی کچی هەنارییەوە دنیا پڕ دەکەم لە گوڵاو، کاتی تۆڵە نییە خواوەند، کاتی گاڵتەی هەناری نییە کچی هەنار، هەڵەی چیم! ئەوەتە گەیشتییەوە سەری کۆڵانەکەی خۆتان و بەردەمی مزگەوتی رووگە خوار، ئەو مزگەوتەی خۆت گوتەنی مەلایەکی هەیە دەنگخۆشترین مەلای دنیایە و ئەو مەلا دەنگ خۆشە کاتی خۆی دایکت و باوکتی لێکدی مارە کردووە، منیش نەمکردە نامەردی گوتم پێی بڵێم من و تۆش... لە بیرتە لە دەنکە هەناری سوور

سـوورتر هـەڵگەڕایت! حـەوت وەرزە هەنارە مـاڵـتـان لەو کـۆڵانـەیە، ئەو رۆژەی مـاڵـتـان هات خـۆت گـوتت: «تەمـەنم چواردە پایز بوو» منیش نەمگەیاندبووە حـەڤدە، رەنگە هەر ئەو رۆژەش ئـەو دارهـەنارە کـە تەمـەنی نەونەمــامــێکی هەبوو، دەنگتی بەمن ناســاندبێت ئەو دەنگەی ئەورۆ لـەو رۆژە تەنگەتاوییە بەگاڵتەی هەناریی گرتووە کە کاتی نییە..

من هـەڵە نیم، هـیچ هـەڵەیەک رووی نەدا، نە لـە جـێگە نە لـە کـات، نە لـە دیتن نـە لە بیـسـتن نە لـە بۆن، رەنگە ئەوە کــۆتایی عـەشـق بێت، نـا، عـەشق کـۆتایی نیـیـە، دوورنیـیـە سـەرەتای عـەشـقی قـووڵ بێت، قـووڵـتـر لـەو قـوڵاییـیـەی تێی کـەوتووم، خواوەندی عەشق، عەشقی لەوە قووڵتریش هەیە! دەرمـبـێنە بەرگـەی ناگـرم، هات و دەڵێت «تۆ هەڵەی» کـوا لـە عـەشـقـدا هەڵە هەیە! هات و حـەوت وەرزە هـەناری خستە رستـەیەکی حەوت دەنگییـەوە، حـەوت دەنگ کـە لە هـەر حـەوتیـان خۆی بوو، بێجگە لە خـۆی کـەسـیدی نەبوو، زانستی ئارایشت نەگـەیشـتـووەتە ئەو ئاسـتـەی کـەسـێک لە سـیـمـای تۆدا خـۆی نیـشـانم دا، هونەری دەنگ قــەت نـاگــات بـەوەی دەنگێک لـە ئاوازەی دەنگی تۆ بـەرهەم بێنێ، گـولاوە خـواوەندیەکـەش جگە لـە پەیامـبـەران و تۆ رەنگە چەرچییە چینییەکەش کەس لە خۆی نەداوە...

«راســتی گــوت، تۆ هەڵەی تۆ هەڵەی ئەگەر باوەڕ ناکەیت تەماشای من بکە»

ئای، ئەوە دەڵێی دار هـەنارە قـســـە دەکـات! دار هـەناریش گــاڵتــەی هـەناری دەکــات، نـا، دەڵێی دەنگی چەرچیـیـە چینیـیـەکـەیە لە دارهـەنارەوە دێ، خـوایە، ئەورۆ دنیـا دەڵێی دنیـای بەڵایە، دنیـایەک نامـۆ بەهەمـوو تەمـەنی من، خـوایە لەبەر خـاتری عـەشق با خـەون بێت، لەو خـەوە بەئاگـام بێنەوە بزانم لە کـوێی پایەکـانی عەشق خـەوتووم، دڵنیـام گـەلێک هەڵگەڕاوم وا بەسـانایی ناکـەومـەوە خـوارێ ناگـەمـەوە بنەبانێ..

دارهـەنار هـەر دارهـەنارە، لە جــێگـەی خـۆی و وەک خـۆی و کـەسـیـشی لە خـۆی نەشـاردووەتەوە، ئەو دەنگە لە کـوێوە هات! تەمـاشـای کـوێ بکەم! دارهـەنار هـەر ئەو هـەنارەیە سـاڵانە هەناری خۆی دەگرێ و لە ناو هـەناریش هـەنارێک چـەرچیی چینی

گـوتـەنی جـیــایە لـە هـەناران، بـەڵام کـەس هـەسـت بـەو جـیــاییــیــە ناکـات هـەر خـۆی دەیـنـاسـیـتـەوە و هـەر خـۆیشـی دەزانـێ گـرینگیی هـەناری جیـا لە هـەناران چییـە، ئەوە نەبوو لە دەستی منی وەرگرت و گوتی:

«ئەگـەر عـاشـقی ئـەو هـەنارەم بـدێ، تا گـوڵاوێکی پـەیامبـەریت بـدەمـێ، سـاڵانە لە پـرچـی دلـبـەرەکـەتـی بـدە تـا سـاڵ وەردەسـووڕێتەوە لـە دوورەوە بـەو بۆنـە دەیناسیتەوە»

بەڵام چـەرچـیـە چینیـیـەکـە لە بارەی هـەناری جـیـاوە چی نەگـوت، هێندە نـەبێت کـە خـۆی بـۆی نـیـیـە بـەدەسـتی خـۆی ئەو هـەنـارە لـێ بـکاتەوە، دەبێت کـەسـێکی دی بـیـداتـە دەسـتی، وا دیـارە ئـەو دەسـتـەش دەبێت دەسـتی من بێت، ئـەوەش هـەر لـە خواوەیە..

دەڵێی هـەنار پـیـر دیارە! یان چاوی من بەپیری دەیبینێ! تۆ بڵێی هەڵە لە چاوی من هـەبـێـت، دارهـەنـار بـەدانـە ڕۆژێـک وا دادەڕزێ! ڕەنـگـە هـەڵـەیـەک لـە دەرەوەی دارهـەنار و چاوی منـدا هـەبێت، چیم داوە لە هـەڵەکـانـی دەرەوەی خـۆم! دەی با دار هـەنـار هـەر پـیـر بێت، خـۆ هـەنارەکـەی من هـەر جـوانـە، لـە دانی بـەیـانـی جـوانـتـر و گـەنجـتـری دەنواند، ڕۆیشـت، ها! دێتـەوە، دڵنیـام دێتـەوە، دەبێت چاوەڕوانی بکەم، هـەڵـەیەک لە جـێگـەیەک لە شـتـێکدا هـەیە دەبێت بیبینمـەوە، کوا لە کوێ لە چیدایە! ئەگەر هاتەوە و دیسان گوتی: "تۆ هەڵەی"

دەزانم بۆ ئەو گـاڵتـەیەی ئەو چی دەڵێم، نـە بـەڕەنـگ دەیـدوێـنـم نـە بـەدەنـگ، نـە بـەگـوڵاوی چـەرچـی چینیش، پێی دەڵێم بەگاڵتـەوە، وەک گاڵتە هەنارییەکانی خۆی: من هـەندێک لاملم بـەسانایی باوەڕ ناهێنم، پەنجـەکانت بێنە لە پەنجـەکـانمی بئـاڵێنە، ئەو دەمـانـێ دیاردەکـەوێت هـەڵەم یان نا، ئەوە باشـتـرین گـەمـەی ناسـینـەوەیە، خـۆ خـۆت داهێنـەری ئەو گـەمـەیە بـوویت، ئەوە نەبوو لە تاریکیی شـەوان شـەوانی ناو پاس ئەو جـارانـەی لە سـەیرانـێ دەهاتینەوە شـەیتـانانە دەسـتی کـچێکت دەخـسـتـە ناو دەسـتـمـەوە، منیش هیـچ جـارێک تـێ نەدەکەوتم، ئەوەبوو گوتت:

«تۆ لە خـۆم باشـتـر پەنجـەکـانم دەناسییەوە»

وەرە ئێستاش پەنجـەکانت بێنە، دڵنیام

ئەگەر بتەوێت درێژە بەگاڵتەی هەناری بدەیت بەو گەمەیە رازی نابیت.. ئەگەر رازی نەبوویت بەگەمەی پەنجە، هەر بۆ گاڵتەی هەناری دەڵێم:

تام، تام، تامی لێو، تامی لێوی دەنکە هەناری..

خۆ بەهیچ نەتناسمەوە بەتامی لێوت دەتناسمەوە، حەفت وەرزە هەنارە بەلای کەمی حەفتەی جارێک تامی لێوتم کردووە، لێوی تۆ جیایە لە لێوی کچان، هەناری چەرچییە چینییەکەش بەقسەی خۆی جیایە لە گشت هەناران، بەلام لێوی تۆ هەر بەڕاستی جیایە لە گشت لێوان، هەر ژەمەی تامێ دەدا، ئاشنام بەهەموو تامەکان.. هەنار وەرەوە، بەلا بەدوامەوەیە، بەلا، کاتێ نەما بۆ گاڵتەی هەناری، بەلا گەیشت، بەلا..

«جوانتر تەماشای قەد و لقەکانم بکە»

خۆت نیشاندە چەرچیی چینی، لە کوێی هەناری؟ تۆش خەریکی گاڵتەی هەناریم لەگەڵ دەکەیت، دەنگی تۆش دەناسمەوە، دەنگی هەموو کەسێک دەناسمەوە هەر دەنگێک یەک جار لە تەڵی گوێمی دابێت دەیناسمەوە، خۆت نیشانم بدە تا لە جاری گۆڕین جوانتر تەماشات بکەم ئەو جارەی سەودامان کرد شووشەیەک گوڵاوی خواوەندی بەهەنارێکی جیا لە هەناران خۆت گوتت جیایە دەنا من چ جیاییم لێی نەدیتەوە، لق و قەدی چی! بەزمانی دارهەنار قسە مەکە، ئەو زمان نەزانە لە کوێی بوو زمان! وەرە دەرێ لەو وەرزی هەنارە با هەنارێکی جیای دیکەت دەمێ، خۆت نەتگوت ئەو دار هەنارە ساڵانە لە ناو هەناران هەنارێکی جیا دەگرێ، هەر خۆشت لە گرینگیی ئەو جیاییە تێ دەگەیت، وەرە هەناری خۆت وەرگرە، مەرجمان وابوو هەموو ساڵێ لە وەرزی هەناردا تا لەو بن دار هەنارە لە دیدارێکی هەناری هەناری جیا وەرگری، خەریک بوو لە بیری بکەم ساڵ وەرسووڕاوەتەوە و گەیشتووینەتەوە وەرزی هەنار.

«بیست و یەکەمین وەرزی هەنار وەرسووڕایەوە»

ئەوە کێیە لەگەڵ من دەدوێ؟ تۆی چەرچی چینی! تۆی دارهەناری ساڵی یەک هەنار جیا، خواوەندی هەڵە، ئەوە کێیە لە ناو ئەو گەڵا و هەنارانە بەزمانی ئەو هەموو وەرزی هەنارە لەگەڵ من قسە دەکات، کە

من نایناسم، نایانناسم لە کویێ ئەو هەموو وەرزەم دیوە، ناسینی من و چەرچی چینی تازە وەرزی وەرسووڕاندووەتەوە، تەمەنی دار هەنار ڕێک تەمەنی عەشقی من و هەناری هەیە ئەو هەنارەی بەگاڵتەی هەناری خۆی لێ نەناس کردم و ڕۆیشت، ئەو هەنارەی ڕێک حەوت وەرزی هەنارە چاومی پڕکردووە لە دەنکە هەناری عەشق جگە لە هەنار چ نابینم، خواوەندی هەڵە وەرسووڕانەوەی بیست و یەکەمین وەرزی هەنارم بۆ لێکدەوە تێ ناگەم، کاتم نییە خواوەند، بەڵایەکی گەورە بەدوامەوەیە، خەریکە دەکات و لە هەنارم دەکات ئەو هەنارەی هەر ئێستا بەپێش دەرگای مزگەوتی رووگە خوار پێچی کردەوە و تۆش وەک من تەماشات دەکرد و نەتگێڕاوە، بیگێڕەوە ئەگەر بەڵا نەگەیشتە سەرم هەرێت پێ دەدەم لەو رووگە خوارە نوێژێکی لە باڵای هەنارەکەم ڕێکتررت بۆ بکەم، نوێژێک تک تک چێژی پەرستنی لێوە بتکێ، چێژێک لە هیچ پەرستگەیەکی خۆت لە کرنووشی هیچ بەندێکی خۆت نەتچەشتبێ..

«تۆ هیچ بەڵایەکت بەدواوە نییە»

چەرچی چینی تۆ لە خۆم باشتر دەزانی! بەوە نییە گوڵاوی پەیامبەرانت لە خواوەند دزیوە، تۆ چی لە بەڵایان دەزانی، بەڵا هەیە لەو بەڵایە بەڵاتر! ڕەنگە ئەو دیدارە دوا دیداری من و هەنار بێت، ئەگەر لەگەڵم نەیەت دوا دیدارە، چەرچی چینی بەڵایەکم بەدواوەیە چ چارەم نییە دەبێت بەکێوان کەوم، لەوە بەڵاتر کە دەبێت پشت لە ئاوەدانی بکەم! لەوە بەڵاتر ئەگەر هەنار لە وەرزی هەناران لە هەنارم بکات، چەرچی چینی، بەڵا، بەڵا، بەڵا.. ئەو دەنگە بەدەنگی چەرچی چینی ناچێت، هەوە، هەو نییە، بەو دانە ڕۆژە دنیا چیی بەسەرهاتووە! نا دەنگی چەرچییە چینییەکە نییە، دەڵێی کەمێک گڕترە، خۆت نیشاندە دەنگی لە هەنارەوە هاتوو، خۆت ڕاوەشێنە با دەنک دەنک رووت ببیەوە، ناتناسمەوە تا وەک هەناری شکاوی ڕاوەشاو دەنک دەنک رووت نەبییەوە ناتناسمەوە ئەی دەنگی لە ناو گەڵای هەنارەوە هاتوو دەنگی لە هەنارەوە هاتوو ناتناسمەوە، سەرم گێژی کات دەخوا، پێیەکانم لەرزینی شوێنیان گرتووە، گێژ گێژ، لەرز لەرز ئەوە چییە لەسەر سەرم گێژەن دەدا! ئەوە چییە لە بن

پێم دەلەرزێ!..

ئـەوە چـی دەبیـنـم! بـەدانـە ڕۆژێـک چـی ڕووی دا! دەڵێی گـومـان ڕژاوەتە چاومـەوە، بەناچاری گـومـان لە چاوی خـۆم دەکـەم، دارهـەنـار بـەدانـە ڕۆژێک چۆن وا کـــەوتە ساڵەوە، پیریی لێ دەبینمەوە، گومانم هـەیە، هەڵە لە جـێگە هـەبێت، لە هـەنار هـەبێت، ئەوە کێ جـێگۆڕکـێی بەدارهەنارەکـان کردووە، ڕەنگە ئەو جێگۆڕکێیەش بووبێتە هۆی ڕۆیشـتنی هەنار و بەدوای خـۆیدا "تۆ هەڵەی" بۆم هەڵدا کـە هەر لە سێ بەردەی تەلاق دەچوو، تۆ بڵــێی بیــست و یەک وەرزەکـەی چەرچیی چینی ڕاست بێت، نا ئەو نەبوو بەلام دەنگی لە هـی ئەو دەچوو، نا وەرزە هەنارییـەکان هەڵە هەڵناگرن، من کـەی بەناو ئەو هـەمــوو وەرزەدا هاتووم، دوای ئەو هەموو وەرزە هەنارییەی چەرچی چینی قسـەی لێوە دەکات من ئەگەر بەلا هەڵمنەداتە بنی دنیا و لە هەنارم نەکات، ئەوە مـن و هەنـار داوی ڕەش لە سـەرمـان نامێنێ سپی سپی لە عەشق سپیتر سپی دەچینەوە، خـواوەندی هـەموو هەڵەکان، من خەریکە هەڵەکان هەڵمدەگرن و بەئاسمانی گـومـاندا بەرزم دەکـەنەوە هێند بەرز هـێند بەرز بـەهیچ کـاتێک نەکـەومـــەوە، لە هـیچ جـێگەیەک نەکـەومـەوە.. خـواوەند، بەدانە ڕۆژێک دنیا بۆ وای لێ هات!

«سـەیری ئاوێنە بکە»

پیــرە دارهـەنار، ئـەوە کـێـیـــە لە نـاو گەلاکانتەوە خۆی لە ئاوێنە شاردووەتەوە و دەیەوێ من بەئاوێنە بناسـێنـێ، من ڕۆژانە پێش دیداری هـەنار ژوانـی ئاوێنەم هـەیە، هەر ئێستا لە ئاوێنەوە دێم، خۆم لە ئاوێنە ئاوێنەتر دەکــــەم، پاک پاک، ڕوون، ڕوون، گـــولاوێک لە پرچم دەدەم دیاریی هەنـارە، بەشـــانـەیەک پرچم شـــانە دەکـــەم دیاریی هەنارە، ڕیش و سـمێڵم وەها لووس دەکەم وەک ڕووی هـەنـار، ئەها چەند لووســــە.. خواوەندی گەمەکان فریام کەوە، ئەو هەموو مووە چییە بەسـمێڵمەوە، چەرچی چینی، ئاوێنە، ئاوێنە، ئاوێنەیەک بێنە...

چەرچی چینی وەرە ئەو بیـــست و یـەک وەرزی هـەنارە لە کـــوێ وەرزایەتیــــان کـــردووە! دارهـەناری بەقــســـە هاتوو، تۆ خــەڵکی کـوێی! لە کـوێوە هاتووی، ئێـرە کوێی دنیایە، من خەڵکی کوێم! ئەو هەنارە کێ بوو سێ جار لەسەر یەک بەمنی گوت «تۆ هەڵەی»، نا من لە هەموویان هەڵە بم لە

هەنار هەڵە نیم ئەوەی ئێستا لێرە بوو، هەنار بوو، خۆی بوو، بەگوڵاوی پەیامبەری دەیناسمەوە، گاڵتەی هەناریی کرد، با بڵێین نەیناسیمەوە.. چەرچی چینی، چەرچی چینی، لەگەڵ تۆمە چەرچی چینی، ئەو گوڵاوەی لە خواوەندت دزی جگە لە من داوتە بەکەس! خواوەند، خواوەند، خواوەندی بەخشش و بەڵا، پێش بیست و یەک وەرزی هەنار منت بەخشییە بەڵا و لە هەنارت کردم بەڵام هەنارت وەک خۆی هێشتووەتەوە..

لە چ بەڵایەکی ئاڵۆزکاو ئاڵام، دوای بیست و یەک وەرزە هەناریش، هەر لە دانە رۆژێک وەستاوم، ئەو دانە رۆژەی بەڵا هات و بردمی و لە هەناری کردم و نەمزانی تا کوێ لە چاوەڕوانیمدا لەو بن دارهەنارە دانیشت و گریا و دوعای خوێند، ئای هەناری چاوەڕوانی دوای ئەو هەموو وەرزی چاوەڕوانییە خۆت نەهاتی کچەکەت نارد، کچەکەت چەند لە خۆت دەکات، نا هەر خۆتی، چەند جوانە کچ هێندە لە دایکی بچێت، دڵنیام ئەوە کچی هەنارە، هەنار بەدەستی خۆیشی گوڵاوە چینییەکەی لە پرچی داوە، دووریش نییە چەرچی چینی لە بری هەنارێکی جیا لە هەناران بەکەسێکی وەک من عاشقی بەخشی بێ! ئا، ئەوە کچی هەنار بوو، ماڵی هەنار هەر لە کۆڵانی مزگەوتی رووگە خوارە، هەنار لە کەس نەدەچوو بەڵام هەنارێک هەیە لەو دەچێت، دەبوو لەو بچێت، دەبوو دوای سەردەمی بەڵای گەورەش، دوای ئەوەی سەر و ریشم بەفری یادی هەنارە، هەر دەبوو هەنار لە تەمەنی خۆی وەک خۆی ببینمەوە، دیتمەوە هەنارەکەی خۆمم دیتەوە، لە هەڵەیەکی هەناری دیتمەوە، بەڵام هەنار منی نەدیتەوە منی دوای بەڵای نەدیتەوە، نامبینێتەوە و هەرگیز ناکەوێتە هەڵەی هەنارییەوە، خوایە لە من هەڵەتر بکەوێتە هەڵەی هەنارییەوە..

خواوەندی هەموو هەڵەکان بۆ جوان هێشتنەوەی عەشقی هەناری لەسەر ئەو بەڵایەی بەسەرمت هێنا هیچم لە دڵ نامێنێ بەمەرجێک ساڵی یەک جار بۆ گاڵتەی هەناریش بێت لە رێی کچی هەنارییشەوە بێت، بمخە هەڵەی هەنارییەوە، خواوەند بمخە هەڵەی هەناری، هەڵەی هەناری، هەناری، هەناری......